ئەندۆنوسیا دەنگدانی بە سەرکایەتی دەستپێکرد

دەنگدەران لە ئەندۆنوسیا ، ئەمڕۆ چوارشەممە دەستیان کرد بە دەنگدان بە هەڵبژاردنەکانی هەرسێ سەرکایەتیەکە، کە لە نزیکەی ٨٠٠ هەزار بنکەی دەنگدان، کە کاتژمێر حەوتی بەیانی دەرگاکانیان بەڕوویاندا کردەوە.

داوا لە نزیکەی 205 ملیۆن دەنگدەری وڵاتەکە کرا رووویان لەبکەن بە هەڵبژاردنی سەرکی نوێ، نوێنەرانیان لە پەرلەمان و نوێنەران لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان.

یەکەم بنکەکانی دەنگدان دەرگاکانیان بەڕووی دەنگدەراندا کردەوە لە پاپوا کە ڕۆژهەڵاتیترین پارێزگای دوورگەکانە.

دەنگدان تەنها شەش کاتژمێر دەخایەنێت، چونکە بەیارە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ GMT 06:00 کۆتایی پێبێت.

جگە لە سەرکە نوێیەکەیان، ئەمڕۆ چوارشەممە، خەڵکی ئەندۆنوسیا ٥٨٠ ئەندامی پەرلەمان هەڵدەبژێرن، هەروەها ٢٠ هەزار ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ناوچەیی و ناوخەیی هەڵدەبژێرن.

برابوو سوبیانتۆی وەزیری بەرگریی و جێنەراڵی خانەنشین خاوەن زۆرترین چانسە بە شوێنگرتنەوەی جۆکە ویدۆدە بە سەرکایەتیی وڵاتەکە.